هەواڵەکانتان بۆ ئیمەیل بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
دوو شەممە 2017/7/17 ژمارە (5309)
www.xebat.net
خەبات

لە چادرگەی ئاوارەکانی خازر 70 خێزان بۆ زێدی خۆیان گەڕانەوە

بە ئامادەبوونی دەربازمەحمەد وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و نوێنەرانی ژمارەیەک ڕێکخراوی جیهانی و کۆمەکبەخش لە مەراسیمێکی ئاهەنگ ئامێزدا لە چادرگەی ئاوارەکانی خازر 70 خێزانی ئاوارە لەسەر ئارەزووی خۆیان گەڕێندرانەوە شوێنی زێدو باب و باپیرانی پێشوویان.

ڕێککەوتی 2017/7/16 لە چادرگەی ئاوارەکانی خازر کە تایبەتە بە ئاوارەکانی شاری موسڵ و دەوروبەری، ڕێوڕەسمێکی ئاهەنگ ئامێز بە ئامادەبوونی دەربازمەحمەد وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و نوێنەرانی ژمارەیەک ڕێکخراوی جیهانی و کۆمەکبەخش، ڕێوڕەسمی بەڕێکردنی 70 خێزانی ئاوارەی چادرگەکە بۆ زێدی خۆیان ئەنجامدرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا هەریەکە لە دەرباز محەمەد وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر وتاریان پێشکەشکردو تێیدا هانی ئەو ئاوارانەیاندا کە ناوچەکانیان ئازادکراون و جێگەی مەترسی نین بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی پێشوویان و دەستخۆشیان لەو خێزانانە کرد کە ئەمڕۆ دەگەڕێنەوە ناوچەکانیان. هەر لەو ڕێوڕەسمەدا، موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی وتەیەکی پێشکەشکرد و تێیدا ئاماژەی بە کارو چالاکییەکانی دەزگا کرد کە چۆن لە ساتە ناخۆشەکان بە هانای ئاوارەکانەوە چووەو لە ئێستاشدا لە نێو چادرگەکاندا بەردەوام تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری و پێداویستی ئاوارەکان دابین دەکەن. لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئاماژەی بەوەکرد، دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری بینی لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و بەهاناوەچوونی خێرای ئاوارەکان، ڕاشیگەیاند: لەمڕۆدا ئاهەنگ دەگێڕین بەبۆنەی کۆتاییهاتنی شەڕی تیرۆرو ئازادکردنی شاری موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری، کە بەهۆی ئارامبوونەوەی ناوچەکانیان پۆل پۆل خێزانەکان کەمپەکان بەجێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە زێدی باب و باپیرانیان، کە ئەمەش هاندەرێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی دووبارە دەست بە ژیانێکی نوێ بکرێتەوەو کۆتایی بە مەینەتی و ناخۆشییەکانی ئاوارەبوون بهێنن.

بەرپرسی لقی دوو پێشوازی لە هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان ئەحمەد سالار دەکات

پێش نیوەڕۆی دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە هونەرمەند و شانۆکاری گەورەی گەلەکەمان مامۆستا ئەحمەد سالار کرد.

لەو دیدارەدا بەرپرسی لقی دوو مێژووی دوور و درێژی پڕ خزمەتی مامۆستا ئەحمەد سالاری لە بواری شانۆدا بە شانازی بۆ گەلی کورد وەسفکرد، ئەو شانۆیەی زۆرجار بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەکەی بەقەد چەکێک بەرامبەر دوژمن بەهێز بووە، هاوکات جەختی لەوەش کردەوە کە مامۆستا ئەحمەد سالار قوتابخانەیەکی شانۆیی مەزن بووە و سەدان نەوەی شانۆکاری بە توانای دروستکردووە کە توانیویانە خزمەتێکی گەورەی هونەری گەلەکەیان بکەن.

بەرپرسی لقی دوو ستایشی مامۆستا ئەحمەد سالاری کرد لەوەی دوای سالانێکی دوور و درێژی کارکردنی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە خزمەت کردن بە بواری شانۆ بەردەوامە.

بەڕێوەبەرایەتی نوێی ڕادیۆ سلێمانی دەست بە کار دەکات

بەڕێوەبەرایەتی نوێی ڕادیۆ سلێمانی دەست بە کار دەکات، ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٧/٧/١٨ لە ساعەت ١٠ی بەیانی لە هۆڵی ڕادیۆ سلێمانی کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجام دەدرێت